# "با خەونەکان بکەینە ژیان"*

**ئامادەکردنی جەمال موحسین**

کۆمەڵێک لاوی شاری سلێمانی ماوەیەک لەمەوبەر یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێم کردووە کە هەندێ داواکاری و خاڵی لەخۆگرتووە. لەو یاداشتەدا کە دەست ئۆکتۆبەر کەوتووە، ئەم داواکاریانە هاتوون:

1. موچە یان هاوکاری مانگانە بە بڕی 250 هەزار دینار تا ئەو کاتەی حکومەت کاریان بۆ پەیدا ئەکات

2. منحەی هاوسەرگیری 3 ملیۆن دینار بە شێوەی یەکسان بۆ ئەو دوو گەنجلاوەی خێزان پێک دەهێنن وە سلفە نەبێت و لێیان وەرنەگیرێتەوە.

3. دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون یان شوقە بۆ خێزانی دروست بوو لە دوای 6 مانگ ژیانی هاوسەرگیریانەوە. وە بە ناوی هەردووکیانەوە بێت.

4. چاکسازی و شەفافیەت لە دەزگا حکومیەکاندا بە گشتی و بە تایبەتی پەروەردە، داد، بەندیخانەکان.

5. دەستگیرۆیی ئەو گەنجلاوانەی کە توانای کاری داهێنانیان هەیە لە بوارە جیاوازەکاندا.

6. چەسپاندنی یاسای بیمەی تەندروستی و ناردنە دەرەوەی ئەو گەنجلاوانەی پێویستیان بە چارەسەر هەیە لە دەرەوەی هەرێم.

7. لابردنی ئەو یاسایانەی رێگە نادات ئەو گەنجلاوانەی لە خوار 30 ساڵەدان تاکو ببنە پەرلەمانتار بەڵکو بگۆڕدرێت بۆ 23 ساڵ.

8. دامەزراندنی پەرتوکخانەی گشتی لە هەر ناحیە و قەزایەک وە هەروەها لە هەر گەڕەکێکی شارەکاندا.

9. گەشتی بەرهەمهێنەر لە کاتی پشووی هاوینەدا بۆ شارێکی تر.

بۆ دروستکردنی باس و جەدەلی زیاتر لەسەر وەزعی لاوان و داواکاریەکانیان و ئەو یاداشتە، بە باشمان زانی چاومان بکەوێت بە نزار محمد و چۆمان، کە بەشێکن لە لیژنەی نوێنەرایەتی داواکاریەکانی گەنجلاو. ئەمەی خوارەوە پوختەی ئەو گفتوگۆیەیە کە جمال محسن سازیداوە.

جمال: ئەم کاتەتان باش کاک نزار و کاک چۆمان لە لایەن لیژنەی نوێنەرایەتی داواکاریەکانی گەنجلاوەوە.

ئێوە لە رۆژی 30. 07 دا یاداشتێکتان بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی و سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری وەرزش و لاوان کە تیایدا هەندێ خاڵتان خستۆتە ڕوو وەک داواکاری و داوای جێبەجێکردنیان ئەکەن. سەرەتای پرسیارمان لە بەرێز نزار ئەکەین.

سەرەتا پێمان خۆش بوو بزانین بیرۆکەی ئەم یاداشتە لە کوێوە هاتووە و چوارچێوە گشتیەکەی چیە؟

نزار: بیرۆکەی ئەم یاداشتە لە ناڕازی بوونەوە هاتووە. خۆت ئەزانی کوردستان لە قەیرانێکی گەورەی ئابوری و سیاسیدایە و هەموو جۆرە قەیرانێک دەوری کوردستانی داوە. بیرۆکەی ئەم یاداشتە زۆر سادەیە لەوێوە هاتووە کە کۆمەڵێک کەس حەز بە گۆڕانکاری ئەکەن. ئەیانەوێ جێگا دەستیان دیار بێت لە بڕیاری سیاسیدا و ئەیانەوێ دەستکەوت بە دەست بهێنن لە رێگای خەباتی مەدەنی خۆیانەوە.

جمال: لە یاداشتەکەدا هەندێ خاڵ هاتووە بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو خاڵانە، بە شێوەیەکی زۆر کورت و تەنها بە یەک دێڕ هاتوونەتە سەر ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەتان هەیە بۆ ئەو وەزعە. ئەکرێ بزانین ئەو خوێندەوەیە مەبەستتان لە چیە؟ تۆ پێت وا نیە لەو بارەیەوە وا پێویست ئەکات ڕوونکردنەوەی زیاتر بدرێ؟

چۆمان: ئێمە کە ئەڵێین خوێندنەوەیەکی بابەتیانە مەبەستمان لەوەیە کە هەریەکێک لە ئێمە لە شوێنێکەوە هاتووین، بۆ نمونە من خۆم لە گروپی رۆشنبیراندا کارم کردووە فەلسەفەم خوێندووە، کاک نزار سەرنوسەری رۆژنامەی هاوبیرە و کاک ئەژیش سەرنوسەری رۆژنامەی واژامە. ئێمە کە ئەڵێین خوێندنەوەی بابەتیانە مەبەستمان لەوەیە کە هیچ دەستێکی ڕەش لە پشت ئەمەوە نیە، کەسێکین کە ئێمە ئەخوێنینەوە، لە رۆژنامەکاندا کار ئەکەین. هەروەها بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەمەمان دانەڕشتووە بگرە باکگراوندێکی فکری لە پشتەوەیە.

جمال: بەڵام دیارە من مەبەستی پرسیارەکەم لەوە بوو کە کاتێک کەسێک قسە لەسەر دیاردەیەکی کۆمەڵگا ئەکات ئەیەوێ شیکاریەک بکات بۆ ئەو وەزعە و بەوجۆرە تەنها بە یەک دێڕ کافی نیە بنووسرێ لێکدانەوەی بابەتیانە. ئێوە وتوتانە لاوان لە هەلومەرجێکی نالەباردان.

دیاره گەر بەراورد بکرێ لە نێوان لاوانی کوردستان و وولاتانی پێشکەوتوودا، ئەوا لاوان لێرە هیچ مافێکیان نیە. دیارە نەبوونی ئازادی گەورەترین کێشەیە، نەئەکرا ئێوە بێنە سەر ئەم مەسەلەیە بە تایبەتی کە بۆ لاوانی ئێرە ئازادی نیە، جا چ ئازادی لە هەبوونی بیروباوەڕی جیا و دەست بردن بۆ مەسەلە سیاسی و حەساسەکانی کۆمەڵگاوە بیگرە تا ئازادی لە مافە شەخسیەکان. کاک نزار ڕای ئێوە چیە لەو بارەیەوە؟

نزار: بێگومان ئەو داواکاریانە فشار دروست ئەکات و فشاری دروست کردووە کە دەسەڵاتی ناچارکردووە کە ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات و ئەو کاتەش بێگومان یانی بەشێک لەو ئازادیەی دەستەبەر کردووە. ئەم خاڵانە هەرچەندە ناوی ئازادی تیا نەهاتووە بەڵام خۆی لە خۆیدا لە چوارچێوەی گەڕانە بە دوای ئازادیدا. خۆی گەڕانە بە دوای ئەوەدا کە گەنج ئازاد بێت. ئەم گەنجانەی ئەم خاڵانەیان داڕشتووە مەرج نیە مەبەستیان هەر لەوە بێ بەڵکو خۆی لە ناوەڕۆکدا ئەڵێن ئێمە ناڕازین بەم وەزعە و قەیرانەکانیەوە کە یەکێکیش لەو قەیرانانە بێگومان نەبوونی ئازادیە.

چۆمان: ئێمە کە ووتوومانە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەمان بۆ وەزعەکە هەیە ئەمە قسەی زۆرێک لە ناوەندەکانە، تۆ بڕۆرە چەندین ناوەندەوە ئەمە ئەبیستیت تەنانەت لەناو ئەوانەشدا کە کارمەندی خۆیانن ئەزانن کە ئازادی نیە. ئێمە ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانەوە ئەبینین کە مافی مرۆڤ و مافی فلانە خەڵک پێشێل کراوە. ئێمە نەمانوویستووە یاداشتەکە زیاتر بێت چونکە لەبەرئەوەی زۆربەی شتەکان لەسەر حساب و گیرفانی خۆمانە. گەر لەوە زیاتر بووایە زیاتر لەسەرمان ئەکەوت... تۆ بڕۆ پرسیار لەهەر کەسێک ئەکەیت پێت ئەڵێت دەسەڵات دەسەڵاتێکی ستەمکارە. دەسەڵات تاکەکانی فەرامۆش کردووە، خەڵکی پەراوێز خستووە. بە تەنیا ئەم دەسەڵاتە هاتووە بۆ بەرژەوەندی خۆی نەک بۆ بەرژەوەندی و ڕای گشتی. ئەم واقعیەتە لای هەموو کەسێک و ئێمە ناتوانین لەسەر هەموو ئەو شتە بنووسین لەو یاداشتەدا. ئەو خاڵانەش کە لەوێدا هاتووە 20% خواست و ئازادیەکانی خەڵکە و ئەمەش بە مانای ئەوە نیە کە ئەم خاڵانە هاتنە دی ئیتر ئێمە دائەنیشین و بۆ نمونە ئێمە لە یەکێک لە خاڵەکاندا هاتووە کە ئەبێ شەفافیەت لە دامودەزگاکاندا هەبێت و بە تایبەتی لە پەروەردە و داد و بەندیخانەدا. کەواتە ئەم خاڵە ئەمە ئەگەیەنێت کە ئێمە ئەمانەوێت ئازاد بکرێین و ئەبێت ئازاد بکرێین.

جمال: من پێم خۆش بوو لەسەر خاڵێک کە تۆ وروژاندت گفتوگۆیەک بکەین ئەویش شەڕی دەسەڵاتە. کە تۆ وتت دەسەڵات حسابی بۆ خەڵک نەکردووە، خستونیەتە پەراوێزەوە. ئەمە تایبەتمەندیەکی ئەم دەسەڵاتەیە لە کوردستاندا کە تازە دەستبەردار بوون لێی ئیمکانی نیە. لانی کەم ئەم دەسەڵاتە لە 1992 ەوەوە درووست بووە بە ناوی ئەوە کە خەڵک دەنگی پێ داون و شەرعیەتیان لەوەوە وەرگرتووە چەندین بڕیاریان لەسەر مەسەلە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان داوە و هیچ حسابێکیان بۆ خەڵک نەکردووە. یانی بۆ نمونە هەر کاتێ چووبن لەشکری وولاتێکیان هێنابێت ئەسڵەن خۆ پرس و ڕایان بە خەڵک نەکردووە، کاتیک دەستیان بردۆتە ناو سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایەوە و هەموو شوێنێکیان کردۆتە قەسر و قسور بۆ خۆیان خۆ مەشوەرەتێکیان بە خەڵک نەکردووە. بۆیە بە بڕوای من مەسەلەکە ئاوها نیە کە خەڵکیان پەراوێز خستووە بگرە مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە ئەوان لە جێگەیەکن و بەرژەوەندیان لە شوێنێکە و بەرژەوەندی خەڵکیش لە شوێنێکی تر. پرسیارەکە ئەوەیە کاتێک ئێمە بزانین ئەم تایبەتمەندێتیەی دەسەڵات تازە نیە، وە ئاوا مامەڵەی خەڵک ئەکات چۆن ئەکرێ ئێوە یاداشت و داواکاریەکانتان ڕووبەڕووی دەسەڵاتێک بکەنەوە کە ئاوها سەیر و مامەڵەی خەڵک ئەکات یان ئێوە چ تەوەقوعێکتان هەیە کە ئەمجۆرە دەسەڵاتە وەڵامێکی پۆزەتیڤتان بداتەوە؟

چۆمان: ساڵی 2007 جیاوازترە لە ساڵی 2003 یان هەتا لە 2005 یش کە مەجموعەیەک گەنج گیران. من ئەڵێم ئەو کۆمەڵە گەنجەی گیران لە خۆپیشاندانەکەی شاری سلێمانیدا توانیان زۆر شەفافیەت لە دامودەزگاکاندا دروست بکەن. بۆ نمونە، ئەو کاتە کە گیراین ئەکرەم چاوشین لە گۆڤارێکی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستاندا زۆربەی شتەکانی ناو زیندانی ئاسایشی ئاشکرا کرد. کە ئەمە وای لێهات، ئەمانە مەجبور بوون بە خۆیاندا بچنەوە کە هەندێ کەسی ڕۆشنبیر هەیە کە بەو شێوەیە نابێ لەگەڵ ئەو خەڵکەدا زیندان بکرێن لەبەرئەوەی ئەمانە ئینسانی بوێرن، هەمیشە ئەتوانن بە شەفافیەتەوە شتەکان لەسەر دەسەڵات بڵێن. دواتر من قسەم لەسەر دەسەڵات هەیە. من ئەڵێم ئەگەر دەسەڵاتی فەڕەنسا بێنیتە ئێرە گەندەڵ ئەبێت، بە داخەوە کە ئاستی هوشیاری کۆمەڵگا لە قەیراندایە، ئاستی هوشیاری خەڵک لە نزمبوونەوەدایە. خەڵک خۆی ئەم گەندەڵیەی قبوڵە. یانی مەسەلەکە هەر دەسەڵات نیە. تۆ پێت وا نیە گەر هێزێکی گوشار بۆ نمونە وەکو هی شۆڕشی فەڕەنسا لە کوردستاندا ڕوو بدات بتوانێت ئەم دەسەڵاتە بگۆڕێ؟ کەواتە دەسەڵاتیش بە خۆیا ئەچێتەوە. پێویست بە گوشارێکی ئاوها هەیە. بۆ نمونە گەر بە خەڵک بڵێی مەچۆ بۆ دەنگدان بۆ ئەمانە پێت ئەڵێن "ئاخر بابیەکەمان

ئەبرێت". کەواتە ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی ستەمکارە بۆیە خەڵک ئەم رایەی لا درووست بووە. کەواتە ئەبێ گوشارێک لای خەڵکەوە، ڕێنیسانسێک هەبێ تا دەسەڵات بە خۆیا بچێتەوە. یان خەڵک ئەتوانێ ئەمانە لەسەر دەسەڵات لابەرێ و دەنگیان پێ نەدا.

جمال: بەڵێ، بەڵام لە قسەکاندا هەندێ شتی تیا بوو لەوە ئەچێت بکەونە تەناقوزەوە لەگەڵ یەکدا. تۆ باست لە شۆڕشی فەڕەنسا کرد، کاتێک شۆڕش بەرپا بێت یانی گۆڕانکاری، یانی لابردن و هێنانەخوارەوەی دەسەڵات و دانانی دەسەڵاتێکی تازە. بەڵام لەملاشەوە ئەڵێیت بەڵکو گوشارێک درووست ببێت و دەسەڵات بە خۆیدا بچێتەوە. ئەمە دوو شتی جیاوازە کاتێک تۆ بە دەسەڵات ئەڵێیت بەخۆتا بچۆرەوە یان فشاری لەسەر دابنێیت. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە ئەبێ بگۆڕدرێت. لەو بارەیەوە کاک نزار ئەڵێ چی؟

نزار: من پێم وایە کوردستان هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە کە من 100% پێچەوانەی ئەوەی کاک چۆمان بیر ئەکەمەوە کە میللەتی ئێمە میللەتێکە زۆر زیندووە زۆر بە دوای گۆرانکاریدا ئەگەڕێ وە لەم وەزعە زۆر زۆر پڕە. بەڵام کاتێک مەسەلە دێتە سەر مەسەلەی گۆڕانکاری، داوای مافەکانی خۆی ئەکات، دەسەڵاتێک هەیە کۆمەڵێک شەڕی سایکۆلۆژی بەرامبەر بەو خەڵکە بەکارئەهێنێت، وە سیاسەتی غسل الدماغ (شتنەوەی مێشک) لە بەرامبەر ئەم خەڵکەی ئێمەدا بەکارئەهێنێ. لە کاتی دەنگدانەکاندا بۆ نمونە لە 92 دا خەڵک لە ئینعاشدا دەرئەچوو ئەڕۆیشت بۆ دەنگدان، بەڵام ئێستا دەسەڵات بە چەندین شێوە لە خەڵک ئەپاڕێتەوە یان چەواشەیان ئەکات بۆ ئەوەی خەڵک بچێ بۆ دەنگدان. کەواتە ئەو خەڵکە لێرەدا هووشیار بۆتەوە کە ئەزانێت ئەم دوو حزبە یان ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی گەندەڵی خۆپەرستە و هیچ بۆ میللەت ناکەن. بەڵام لەم کاتەشدا کە ئەوان ڕاگەیاندنی گەورەیان هەیە ئەتوانن شتێک بکەن کە کاریگەری ئەبێت لەسەر مێشکی خەڵک بۆ نمونە ئەڵێن ئێوە گەر دەنگ نەیەن بە ئێمە ئەوا ئێمە لە بەغداد کورسیەکانمان لە دەست ئەچێ و کە کورسیەکانیشمان لە دەست چوو ئەوا دەنگی کوردایەتی و ئەو شتانە لاواز ئەبێ. یان ویژدانیان ئەجوڵێن کە ئەو ماڵانەی شەهیدیان هەیە بە خاتری ئەو شەهیدانە بۆ ئەوەی خوێنی ئەوان بەفیڕۆ نەڕوات وەرن دەنگ بدەن. یان ئەڵێن لە پێناو شاری کەرکوردا و کۆمەڵێک شیعاری نەتەوەیی زیندوو ئەکەنەوە کە ئەو خەڵکەش هەمووی بیری نیە بەڵکو سۆزی هەیە و لەژێر کاریگەری ئەو غسل دماغەدایە کە خەڵک چەواشەی شیعارەکانیان ئەبێت کە ئەمەش وورده وورده بەرەوە کەمبوونەوە ئەڕوات و ئەبینین ناڕەزایەتی زۆر زۆر بووە وە ئێمە نابێ ڕای جەماوەر بە کەم بگرین. یان پێمان وابێ جەماوەر بە دوگمەیەک هەڵەچێ و بە دوگمەیەک ئەنیشێتەوە، نەخێر من پێم وایە ڕەوتێک هەیە کە زۆر لەسەرخۆیە بەڵام بەرەو یاخیبوونێکی زۆر جدی ئەچێ وە ڕۆژێک ئەبێ گۆڕانکاری درووست ئەبێ و لێرەدایە کە ئێمە ئەڵێین دەسەڵات ئەبێ بە خۆیدا بچێتەوە نەوەک ئەو گۆڕانکاریە بە شێوەیەکی توندوتیژ ببێت. چونکە ئەگەر گۆڕانکاری بە شێوەیەکی توندوتیژ بوو ئەوەی کە هەمانە لە دەستمان ئەچێت. من شەخسی خۆم لە دەسەڵاتیش ئەترسم و لە جەماوەریش ئەترسم، ئەوەی کە دەسەڵات بە خۆیدا نەچێتەوە و ئەم تووڕەییەی خەڵکیش کە بە هێواشی هەیە ئێستا بەڵام لە پڕێکدا ئەتەقێتەوە و پێکدادان ڕوو ئەدات. ئێمەش بۆیە هاتووینەتە نێوان دەسەڵات و جەماوەرەوە بۆ ئەوەی ئەو تورەیەی ئەو خەڵک ببێتە کارێکی نوخبەوەی و بچێتە بەردەستی دەسەڵات و کە ئەو خاڵانەشی بۆ ئەو نوخبەیە جێبەجێ کرد یانی داواکاریەکانی خەڵکی جێبەجێ کردووە. ئەمە مانای وایە بەرەو چاکسازی ئەچێ، بەرەو گۆڕانێکی میانڕەوی لەسەرخۆ ئەچێ. بەڵام ئەگەر ئەو دەسەڵاتە کە گوێی نیە و تەنها دەمی هەیە و ئەخوا، ئەگەر بەردەوام بێ لەم کارەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم جەماوەرە بەخۆیدا ئەچێتەوە و وەک پەیکەرەکانی چاوچیسکۆ یان ستالین یان شای ئێران کە ڕۆیشت هیچ شوێنێک نەیگرتە خۆی، ڕووخاندنی ئەمانە کارێکی زۆر ئاسانە وە مێژووش داستانێکە بۆ دیکتاتۆریەت و بۆ گەندەڵان.

جمال: بەڵێ منیش موافقی ئەو ڕایەی بەڕێزتم کە خەڵک وەک جاران نەماوە ئاسان قبوڵی بکات و هەموو شتێک بەسەریدا بڕوا، ئاستی هوشیاری و ناڕەزایەتی خەڵکی لە ئاستێکی باشتردایە بەڵام حەتمەن ئەوەش گرنگە کە ئەمە ڕێکخراو کردن و تەنزیمی ئەوێت. بەڵام دەسەڵاتێک کە 15-16 ساڵە بە کردەوە سەلماندوویەتی ئەو بەخۆداچوونەوەیە ناکات ئێوە چ تەوەقوعێکتان لێی هەیە؟ کاتێک دەسەڵاتێک چەند ساڵە نیشانی داوە ئەجێدای کارەکانی ئەمانە بووە کە وەڵامی خەڵک ناداتەوە و بەخۆداچونەوەش ناکات، ئێوە ئەڵێن چی لەمبارەیەوە؟ یان چی ئەکەن گەر نەیەنە پای ئەم داخوازیانە؟

چۆمان: کاک نزار هەندێ نمونەی جوانی هێنایەوە. خەڵک هەتا لە قەیراندا بێ زیاتر بوێر ئەبێت و زیاتر هوشیاری زیاد ئەکات. کە خەڵکیش بوێر بوو ئەو پێکدادانەی کاک نزار ووتی ڕوو ئەدات. کە ئەمەش ڕوویدا، هەروەک چۆن پەیکەری سەددام خەڵک ڕووخاندی یان لە سێدارە درا و پیاوەکانی تریشی هەروا، من لەمە زیاتر بۆ ئەمانیش بەدی ناکەم.

جمال: بەڵام من بۆیە ئەم پرسیارەم کرد مەبەستم لەوە بوو کە کاتێک کە ئێوە لە قسەکانی تۆش و کاک نزاریشدا هەبوو ئەوەبوو کە ئەو تەقینەوەیە (ئەگەر بشێت وا بڵێین) نەبێت و خەڵک نەیەتە سەرجادە و بە توندوتیژی دەسەڵات دابگرێ. بەڵام قسەکان وا ئەگەیەنێت خەریکی پرۆسەیەک بن بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتدا. ئایا پێتان وا نیە ئەمە پێچەوانەیە. خەڵک ناتوانێت ئاشت بێتەوە لەگەڵ دەسەڵاتێکدا کە 15 ساڵە لەسەر پارووی دەمی خەڵک گەروەترین سەروەتیان کەڵەکە کردووە قەسر لەسەر قەسر دروستی ئەکەن.

چۆمان: نا، من لەگەڵ ئەو بۆچونەی تۆدا نیم کە بڵێم خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتدا ئاشت نابێتەوە. ئێمە ئەڵێین بە شیوازێکی ناتوندوتیژی. کاتێک تۆ پرۆژەیەکی جوان پێشکەشی دەسەڵات ئەکەی، من ئاسۆیەکی ڕوون ئەبینم لەبەردەم ئەم مەسەلەیەدا. ئەگەر نەشیان کرد ئێمە شێوازی مەدەنی و ناتوندوتیژیمان هەیە. من کە نمونەی شۆڕشی فەڕەنسام هێنایەوە نەهاتووم نمونەی مێشێل فۆکۆ یان ژان ژاک ڕۆسۆ بهێنمەوە. من ئەگەر شاخیش بگرم ئەو کاتە ئیعلان ئەکەم من معارەزەیەکی جدیم و ئەچمە شاخ. من کە هاتووم ئەمەوێ دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتدا بکەم ئەمەوێ دەسەڵاتیش فێری ئینسانیەت بکەم. ئەمەوێ دەسەڵات فێری ئەوە بکەم کە مرۆڤەکان گەنجەکان ئەنایەوێ تۆ ئاشت ببیتەوە. کە تۆ ئاشت نەبوویتەوە ئیتر مەسەلەکە وای لێ دێت کە بۆ نمونە فلیمێکیان ئەهێنمە بەرچاو کە تۆش لە سەدام حسێن هەڵبڕاوتر نابیت.

جمال: من لێرەوە دێمەوە سەر ئەوەی کە دیارە من ئەم لایەنەیم بۆ گرنگ بوو چونکە مەسەلەی پەیوەندی خەڵک بە دەسەڵاتەوە مەسەلەیەکی زیندووە و لە هەموو کۆمەڵگایەکیشدا بابەتی کێشمەکێشێکی گەورەیە. ململانێی چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە لەگەڵ دەسەڵاتدا، کە منیش پێم وایە شت بەسەر دەسەڵاتدا ئەسەپێندرێت نەک خۆی بە خۆشی بیدات. بەڵام بەهەرحاڵ من لەو لایەنەیەوە کە بە خەڵک بڵێین بچۆ لەگەڵ دەسەڵات دانیشە و بەڵکو ئەویش بە خۆیدا بچێتەوە، من لەم بارەیەوە یەک زەڕڕە گەشبینیم نیە لە دەسەڵات کە کارێکی وا بکات چونکە ئەو شتانە کارنامە و ئەجێندا دیاری ئەکات کە ئەوان مێژووی چەند ساڵەیان نیشانی داوە ئەو کارە ناکەن. بۆیە ناتوانم داوایەکی وام ببێت لە دەسەڵات کە بێت و لەگەڵ خەڵک ئاشت بێتەوە. بەڵام کاتێک تۆ باسی شۆڕشی فەڕەنسات کرد ئەگەر باس لەسەر شۆڕش و یاخیبوونە ئەوا ئەمە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە ئێوە ئەیڵێن لە ئاشتکردنەوەی خەڵک و دەسەڵات لەگەڵ یەکتر. من ئەمە بە هەڵە ئەزانم کە خەریکی ئەم کارەی دووەم بین.

چۆمان: ئێمە کە نمونەی شۆڕشی فەڕەنسامان هێنایەوە بۆ ئەوە نەمانهێنایەوە کە ئێمە شۆڕشێک ئەکەین. هەڵبەتە من ئەگەر بە تەمای شۆڕشێک نەبم، کەسێک هەیە بەتەمای شۆڕشێکە. بەڵام چ شۆڕشێک، بە ڕاستی شۆڕشێکی ڕۆشنبیری... بەڵام ئێمە ووتوومانە پرۆژە، تۆ کە پرۆژەت هەبوو پێویستت بە دانوستانە. ئێمە نەهاتووین بڵێین دەسەڵات ئەوا دەست ئەکەینەوە ملت و لەگەڵت ئاشت ئەبینەوە. ئەمە حەقیقەتێکە. ئێمە ئەڵێین عاجزین لێت هەتاکو ئەو کاتەی کە خزمەتگوزاری ناکەی. بەڵام کە هاتی ئەو خزمەتەت کرد تۆ پێت وایە دێیت لەگەڵی ئاشت ئەبیتەوە. کە هات مافە سەرەتاییەکانی بۆ دابین کردی ئەوە ئیتر ئاشتبوونەوەیەکە، ئەوە وەک ئەوە وایە بڵێن، ئیتر باوەڕمان بە توندوتیژی نەماوە، باوەڕمان بەوە نەماوە گەنجەکان بخەینە پەراوێزەوە، ئەمەوێت وەک دەسەڵاتێک دەست خەمە ناو دەست گەنجەکانەوە کە تۆش دەستخستە ناو دەستیەوە ئەوە ئاشتبوونەوەیەکە. کە دەسەڵات ئەم خاڵانەی جێبەجێ کرد، هەڵبەتە ئیعترافت پێ ئەکات کە هاووڵاتیت، کە تۆ گەنجێکیت، هاوزمانی، هاودینیت، هاو هەموو شتێکیت. کەواتە کە دەسەڵات ئەمەی کرد، یانی خۆی هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی ئاشت بێتەوە. ئێمەش کەسێکی ئەوەندە یاخی نین لەبەرئەوەی ووتوومانە کەسێکی نەرمونیان و نا توندوتیژین.

جمال: من مەبەستم لە یاخی بوون لەسەر فۆرمی قەدیم و چوونە شاخ و چەک لێهەڵگرتنی شاخ نەبوو. بەڵام کاتێک کۆمەڵێک ئینسان پەیدا ببن و پێیان بڵێن "ئێوە دەسەڵاتەکەتان هیچی نەکردووە بۆیە ئەبێ بێنە خوارەوە"، ئەمە خود بە خود ئەکاتە یاخی بوون. مەبەستم یاخیبوونێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕۆشنبیری....هتد. با لێرەوە بێمە سەر تەوەرێکی تری باسەکە کە ئەویش ئەوەیە کاک چۆمان ووتی ئەگەر خاڵێکی سەرەکی هاتە دی یانی دەسەڵات ئاشت ئەبنەوە و گوێ ئەگرن. من ئەڵێم ئەو خاڵە ئابووریانەی لە یاداشتەکەدا هاتووە، بۆ نمونە وەک لە خاڵی یەکەمدا کە دانی بڕی 250000 دینارە بە هەر گەنجێک تا کاتێک کاری بۆ ئەدۆزرێتەوە، یان ئەو خاڵەی سەبارەت بە دانی سلفەیە بە گەنجانی کوڕ و کچ بۆ هاسەرگیری و کە لێشیان نەسەندرێتەوە یان خاڵێکی فەرهەنگی سەبارەت بە کردنەوەی کتێبخانە لە گەڕەکەکان و شار و شارۆچکەکان... ئەمانە داواکاری ڕەوا و باشن، بەڵام ئەگەر ئێمە بە فەرز وەریبگرین کە دەسەڵات ئەڵێ ئەو خاڵانەتان بۆ جێبەجێ ئەکەین، بەڵام لەملاوە لاوان ئازاد نەبن. لاوان هەتا ئێستا گیرۆدەی بیروڕای

عەشیرەتگەری و کۆنەپەرستانەیە لە کۆمەڵگادا و دەسەڵاتێک ئەمەی فەرزکردووە بەسەریاندا. ئێوە پێتان وایە کە هاتنە دی چەند داواکاریەکی ئابووری یان هەتا فەرهەنگی کافیە؟ چونکە ئەمە وەڵام بە مەسەلەیەکی سەرەکی کە نەبوونی ئازادیە ناداتەوە.

نزار: لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتەکە خۆی سفرە، ئێمە ئەبێ لە یەکەوە دەست پێ بکەین. کە تۆ ئەڵێی ئەبێ لاو بیمەیەکی ببێ، یان کتێبخانەی بۆ بکرێتەوە، ئەمە خاڵی یەکەمە. منیش ئەزانم دووش هەیە و سێش هەیە و سەدیش هەیە. بەڵام ئێمە چۆن بگەین بەو پلە بە پلەیە؟ بۆ نمونە کاتێک لاو ئەڵێت ئەو بودجەیەی کە دزیوتە ئەبێ دابەشی بکەیت، ئەمە مانای وایە کە تۆ بڵێیت ئەو ئازادیەی کە تۆ لێت دزیوم یان زەوتت کردووە ئەبێ بیدەیتەوە.

جمال: ئەگەر نەیدایەوە ئازادی چی؟

نزار: دەسەڵات نەیداوە و ناشیداتەوە. ئەوەی ئەو توند توند دەستی پێوە گرتووە کورسیەکی دەسەڵاتە و پێی وایە ئەم داواکاریانە بەرەو فراوانبوون وگەورەبوون ئەچن. ئێمەش ئەم داواکاریانەمان بۆ ئەوەیە کە ئەو ڕێگایەی لەبەردەمماندایە کە هەزاران میل بێت، تەواو بێت. هەربۆیە لەم هەنگاوەوە دەست پێ ئەکەین. بەڵام ئەمەش مانای وا نیە ئێمە لە ژیانماندا ئیشی ترمان نەکردووە و بە تەنیا ئەم داواکاریانەمان هەیە. ئێمە کاتێک ئەم داواکاریە ئابوریانەمان کردوە پێمان وایە ڕەوایە. بەڵام ئێمە داواکاری مەعنەویمان زۆر زۆرە...

جمال: من مەبەستم لەوەی کە ئەو خاڵانە ئابورین و خواستی خەڵکیشن، مەبەستم لەوە نەبوو کە شتەکان بچوکن و یان بچوکی بکەمەوە بەڵام من ئەڵێم گەر ئەو خاڵانە بشکەن بەڵام وەڵامی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و ئازادی لاوان نەدەنەوە، پێت وایە ئەمە چی کردووە بە چی؟

نزار: ڕاستە ئێمە هیچ وەڵامێکی سیاسیمان وەرنەگرتۆتەوە. کۆمەڵگای کوردستان داوای ئەو بەڵێنانە ئەکات کە پێیان داون. کە لە کاتی دەنگداندا پێیان داون. ئەم داواکاریانەی ئێمە وەک سلسلەی یەک وان. گەر یەکێکیان پێشێل بکەن، لەو لاوە هی ترمان هەیە جێبەجێی بکەن. خەڵک کە داواکانی جێبەجێ نابێ دڵی ئەشکێ. کاتێک لەسەر هەر داواکاریەک دڵی بشکێ دڵشکانێکی گەورە ئەبێت. ئێمە ئەم دڵشکانانە ئەدەین لە یەک و داواکاریەکی ئێجگار گەورە دروست ئەبێت و ڕاپەڕینێکی گەورەش ئەبێت.

جمال: دیسان ئەگەڕێمەوە سەر دەسەڵات. ئایا ئێوە بە فەرمی ئەم یاداشتەتان داوە و ئەوانیش هیچ وەڵامێکیان داوەتەوە؟

نزار: وەڵام بە ڕاستەوخۆ نەگەیشتۆتە ئێمە بەڵام لە ڕۆژنامەی چاودێر دا پەرلەمانتارێک بە ناوی کوێستان ئەحمەد بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەڵێ ئەو داواکاریانە ئەبوایە بگەیشتایەتە نوسینگەی پەرلەمانی سلێمانی و لەوێوە بە دەستی ئێمە بگەیشتایە بۆ ئەوەی ئێمە چاوی پیابخشێنینەوە و ڕەخنەی لە میکانیزمەکەی ئێمە گرتووە. ئێمە ئەم یاداشتەمان داوە بە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئیتر ئەبێ خۆشیان متابەعەی بکەن. وە بە ڕەسمیش دراوەتە دەستیان. لەبەرئەوە ئێمە ئەو قسەیەی ئەوان بە هەند وەرناگرین کە ئێمە ئیشەکەمان بە ڕۆتینیات نەکردبێ. بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا هەیە لەوانەوە، تەنها بێدەنگیە!

جمال: تەنها بێدەنگیە و ئێوەش لە ئەخیر خاڵتاندا ووتووتانە کە ئەگەر تا ماوەی مانگێک وەڵامی ئەم داخوازیانەتان نەدەنەوە ئەوا ئێوە بە شێوازی مەدەنی خەباتی خۆتان ئەکەن. لێرەدا ڕۆشن نیە کە ئەو شێوازە مەدەنیە مەبەستان لە چیە؟ بەڵام خاڵێک کە لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەگەر وەڵامتان نەدەنەوە ئەوا بە هەزاران لاو ڕوو لە دەرەوە ئەکەن. یانی ئەوەی وەک شکڵێک لە هەڕەشە کە بکرێ کە لاوان کۆچ بکەن لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا. ئەمە چۆنە؟

چۆمان: من وەڵامێکم هەیە. من داوایەکم بۆ نمونە لە بەڕێزت هەیە وەک ڕەفیقێک. یان کە بە دەسەڵات ئەڵێن من قبوڵ بکە وەک ئینسانێک کە مافم هەیە، و ئەویش قبوڵی نەکردم و مافە سەرەتاییەکانیشی نەدامێ کەواتە کۆڕەوەکە زۆر لەوە باشترە وەک لەوەی لەگەڵ کەسێکدا لە نیشتمانێکدا دابنیشیت کە چەواشەت بکا و بشڵێ من خەبات ئەکەم و هەندێ شتی تر.

جمال: بەڵام ئەوە چەند ساڵە خەڵک کۆچ ئەکات و ئەمانیش باکیان نەبووە. پێت وایە کە ئەمە ئەسڵەن بیانجوڵێنێت؟ لە کاتێکدا ئێمە ئاگادارین، و ڕەنگە ئێوەش ئاگادار بن، بە پێی ئامارێک کە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) دا بڵابۆتەوە کە ڕێکخراوی (ئێن. پێ. ئەی، نەرویجی) و ڕێکخراوی تواناسازی لاوان ئامادەیان کردووە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕێژەی 12 هەزار و 7 سەد و چەند کەسێک لە خاڵی ئیبراهیم خەلیلەوە دیپۆرت کراونەتەوە بۆ کوردستان. وە ساڵانێکیشە ئەم هەموو خەڵکە کۆچ ئەکەن، جوڵەیەکی نەخستۆتە دەسەڵاتەوە.

چۆمان: ئەم مەسەلەیە جارێکی تر ڕامئەکێشێتەوە بۆ ناو میدیاکان. بە داخەوە میدیاکان هەمیشە دیوێکی جوانیان نیشانی خەڵکی ئەوروپا داوە. بەڵام کە ئێمە دێین ئەم کۆڕەوە ئەکەین دیوی قەیرانەکە نیشان ئەدەین. هۆی ئێمە بۆ کۆڕەوەکە ئەوەیە کە میدیاکان تەنانەت ئەوروپاشیان چەواشە کردووە بەوەی کە ئازادی بیروڕا دەربڕین هەیە، بەوەی کە ژیان خۆشە.

جمال: نا، ئێستا ناتوانن وا بکەن، بە تایبەت بۆ نمونە لە کەیسی دوعادا ئەوەندە خەڵکی ئازادیخواز لێیان بەرزبۆوە و تەواوی دنیای لێ هەژاندن. ئیتر وەک جاران بۆیان نالوێ بڕۆن لە ئەوروپا قسەیەک بکەن لە کاتێکدا کە لێرە شتێکی تر ئەکەن لەگەڵ خەڵکدا... بەڵام ئێوە وەک تەرحێک کردووتانە کە ئەگەر وەڵامتان نەدەنەوە ئەوا کۆڕەو ئەکەن، پێت وایە ئەمە ڕێگا چارەیە؟ لە کاتێکدا وەک وتم وڵاتانی ئەوروپا و دنیا پڕ بوون لە خەڵکی کورد کە لەدەست ئەمان هەڵهاتوون. دەسەڵاتێک کە توند پڕی کردووە بە چەکەکەیەوە تا دەسەڵاتەکەی پێ بپارێزێ، پێت وایە بەمە کاری تێ بکرێت و بجوڵێ؟

چۆمان: ئێمە کاتێ کە کۆڕەو ئەکەین هەڵبەت میدیا هەیە دێت پرسیار ئەکات. ئێمە ناڵێین میدیای ئێرە، بە داخەوە. بەڵام میدیای تر هەیە کە ئەم شتە بدات بە دەرەوە. ئێمە ئەم یاداشتەشمان لەسەر 10 زمان وەرگێڕاوە. بۆ نمونە لە کەنەدا، لە سوید، لە ماڵپەڕەکاندا، لە ژوورەکاندا قسەمان بۆ خەڵک کردووە وە پشتیوانی هەندێ خەڵکی ئەوێشمان بە دەستهێناوە. بەڵام ئێمە ئەمانەوێ چۆن وەک ئابڕوو چوونێک. ئەمان نەخشە جوانەکەیان داوە بە خەڵکی دەرەوە، ئێمەش نەڵێین نا، بە داخەوە کوردستان ئازادی تیا نیە، قەیرانی تیایە.

جمال: من سەرنجەکەم ئەوەیە کە ئابڕووی ئەمانە بەوە ناچێ لەبەرئەوەی بۆ نمونە ئێستا خۆشیان هەندێ ئامار باس ئەکەن کە نزیک بە 12 هەزار ژن کوژراوە، حکومەتێک بەمە ئابڕوی نەچێ وە تا ئێستاش هەزاران هەزار کەس کۆچی کردووە، ئەگەر ئێوە 5-6 هەزار کەسیش بن، ئێوە بەمە ناتوانن ئابڕویان ببەن. دووەم: بەمە دووبارە مەیدان چۆڵ ئەبێتەوە بۆیان و دووبارە تەسلیم کردنەوەی خەڵکە بەمانە. ئەمە بە بڕوای من یاخی بوونی لاوان نیە. تۆ پێت وانیە؟

نزار: ئەو پرسیارەمان زۆر لێ ئەکەن. من حەز ئەکەم ئەوە بڵێم کە ئێمە نە سەنگەرمان چۆڵ کردووە و نە چۆڵیشی ئەکەین، بەردەوامیشین لە خەباتی مەدەنی خۆمان. ئەمە شێوە ئیعتسامێکی مەدەنیە، جیاوازە لە 12 هەزار ژن کە کوژراوە و ئەمانە پێی ڕسوا نەبوون. خۆت ئەزانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەگەر بە شتەکاندا بچێتەوە یانی چی کردووە. دیمترۆڤ ئەڵێ: حەز ئەکەم ڕەخنەم لێ بگرن بۆ ئەوەی ژەنگ نەگرم، بەڵام ئەمان ئەڵێن ڕەخنەمان لێ مەگرن با ژەنگ نەکەین. سایکۆلۆژیەتی دەسەڵات ئەوەیە ئینکاری لەوە بکات ناڕەزایەتی هەیە. ئەوانە پێویستیان بە کەسانێکە ماستاویان بۆ بکات. بێگومان دەسەڵاتێک دیکتاتۆری بێت خەڵک بە کەم ئەزانێ، ناڕەزایەتی خەڵک بە کەم ئەزانێ. سەدام کاتێک دێکانی ئەڕوخاند ئەیوت "مخربین اضعف من ذبابة". بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا منالێک قسە بە پاشاش بڵێ هیچی لێ ناکەن. یەکێک لە سایکۆلۆژیەتی دیکتاتۆر ئەوەیە کە هەمیشە ئینکاری ناڕەزایەتیەکان ئەکات و پێی وایە ئەو ناڕەزایەتیانە دایمەن بچوکن. بەڵام ئەو کاتەی کە خەڵک هاتە بەردەم کۆشکەکەی، ئنجا ئەڵێ چیم کرد بە خۆم.

جمال: بەڵام من باسەکەم ئەوە نیە کە ئێوە سەنگەر چۆڵ ئەکەن، چونکە من لێکدانەوەکی ئەخلاقیم نیە. ئەوەی کە ئینسان لەم وڵاتەدا لەتاو نەبوونی ئازادی، لە تاو نەبوونی مافەکانی، لەتاو نەبوونی ئاو و کارەبا، لە تاو نەبوونی ژیانێکی خۆش بڕواتە دەرەوە و ئەم وڵاتە جێ بهێڵێ بە مافێکی بێئەملاو ئەولای هەر کەسێکی ئەزانم. لەبەرئەوە هیچ قسەیەکی مۆراڵی و ئەخلاقیم لەسەر ئەمە نیە، بەڵام من ئەڵێم ئەمە ڕێگایەکی خەباتکارانە نیە بۆ ناچارکردنی دەسەڵات تا مل بەم داخوازیانە بدات.

نزار: بەڵێ خەباتێکی ملکەچکەرانەیە بۆ دەسەڵات. کاک جمال جوان ڕوونی کردەوە کە لەدەرەوە تەسویرێکی وایان داوە کە کوردستان بەهەشتە. بەڵام ئێمە بەم کۆڕەوە بە خەڵک ئەڵێین بڕۆن سەیری وەزعێک بکەن کە ئێمە لێی هەڵهاتووین. ئایا ئەمە لێدانێکی گەورەی سیاسی و مەعنەوی نیە بۆ دەسەڵاتێک کە دایمە ڕای دەرەوە چەواشە ئەکات کە ئازادی هەیە؟ ئەی پێت وا نیە ڕاپۆرتەکەی ئەو ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی جیهانی (جمال: هیومان ڕایتس ووچ) ئەمان چۆن پێی ڕاچڵەکان و پێی قەڵس بوون. ئەمەی ئێمەش جارێکی تر لە ڕاپۆرتێکی واوە وە جارێکی تر نیشانی ئەدەین ئێمە بۆیە ئەڕۆین کە دەسەڵات دیموکراتی نیە، ئەم دەسەڵاتە بە درۆ بە خۆی ئەڵێ دیموکراتی. ئەگەر دیموکراتی هەیە و مافی مرۆڤ هەیە و ناوچەیەکی ئامنە، ئەوە بۆچی ئەو خەڵکە کۆڕەو ئەکات؟ ئەی ئەمە لێدانێک نیە لەوان، ئەی چیە؟ ئێمە لە هەڵەبجە ڕێپێوانێک ئەکەین، ڕاپۆرت ئەدەن بە ئەمریکیەکان ئەڵێن ئەمانە گێرێشوێنەکانن، ئەمە کۆمۆنیستەکانن و توندڕەوەکانن. بەڵام من کە کۆڕەوم کرد و تەنها بەتانیەکم پێیە، ئەوکاتە لە کوێ بە من ئەڵێ گێرەشێوێن؟ من پێت ئەڵێم خەبات ئەمڕۆ قورسە، تێگەیشتن قورسە. جاران لەو شاخە چەکێکت پێ بوایە و ڕۆنیۆیەکت هەبووایە ، ڕادیۆیەکت دائەنا و حزبت دروست ئەکرد. دە دوانزە

کەست بە کووشت ئەدا و فەرهاد سەنگاویەکی زوڕناژەنت دائەنا و ئیتر بۆ خۆت ئەبووی بە حزب. ئەمڕۆ نازانی چۆن خەبات ئەکەی؟ خەبات ئەکەیت و ڕێپێوان ئەکەیت پێت ئەڵێن گێرەشێوێن. ئەمە بەشێکە، پێت ئەڵێن وەزعەکە ناسکە...

جمال: ئێوە مەبەستان لە ووشەی "کۆڕەو" چیە؟ مەبەستتان لەوەیە کە حەرەکەتێکی مونەزەم ئەکەن، پێش وەخت میدیاکان ئاگادار ئەکەن و سەرنجیان ڕائەکێشن و کۆمەڵێکیش پێکەوە ئەو کۆچە ئەکەن؟

چۆمان: بەڵێ مەبەستمان لەوەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو دەسەڵات قبوڵی کرد و ئێمە لەنیوەی ڕێگاشدا بووین، ئێمە ئەگەڕێینەوە. کاتێک دەسەڵات ووتی وەرن هەموو ئەو خاڵانە جێبەجێ ئەکەین، ئێمەش حەز ئەکەین وەک گەنجێک لەم نیشتنامەدا بمێنینەوە و خزمەتی ئەم کۆمەڵگایە بکەین. بەڵام ئێمە کە ئەڵێین کۆڕەو، ئەگەر بشچینە دەرەوەی ووڵات، لەوانەیە زیاتر بتوانم خزمەتی کۆمەڵگاکەم بکەم، بۆ نمونە گەر بچمە سوید یان نەرویج، لەوانەیە لەوێ بتوانم خەڵکانێکی زۆر کۆبکەمەوە و گوشار بخەینە سەر نوسینگەکەیان تا وەزعی خەڵک چاک بکەن. بە داخەوە کەسانێک وا تێگەیشتوون کە کۆڕەوی ئێمە تەسلیم بوونە یان ملکەچکردنە. بەڵام ئێمە ڕاناکەین و ئێمە بووین ڕووبەڕووی مەجموعەیەک زوڵم و چەوسانەوە بووینەوە. ئێمە بووین کە سیمیناری دوعامان کرد لە سەکۆی ئازاد. بەڵام ئەمە شێوازێکی تری خەباتە بە ڕاستی. من ئەگەر بچمە دەریشەوە، لەوێش واز ناهێنم، ئەوان نوسینگەیان هەیە، ئەوان شتیان هەیە لەوێ. من گوشار ئەخەمە سەر نوسینگەکەیان کە بۆ خەڵکی ئێرە باش بن....

جمال: من پرسیارێکی ترم نەماوە، سوپاستان ئەکەم بۆ ئەم کات و فرسەتەی بۆ ئەم گفتوگۆیە داتان بە ئێمە. هیوادارم لەسەر ئەم مەسەلە گرنگ و حەساسە لەسەر لاوان قسە و باسی زیاترمان هەبێ. گەر قسەیەکتان هەیە بفەرمون.

نزار: زۆر سوپاس بۆ تۆش و بۆ جەریدەکەی ئێوەش.

چۆمان: دەست خۆشی و سوپاس بۆ تۆش بۆ قۆستنەوەی ئەم بوارە، سوپاسی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەریش ئەکەین. من حەزیش ئەکەم یەک شت بڵێم ئێوەش وەرنە پێشەوە با دەست خەینە ناو دەست یەکەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئەم ناڕەزایەتیە و بۆ بەدەستهێنانی ئەو خاڵانە.

* یەکێک لە دەربڕینەکانی ناو یاداشتەکەی گەنجلاو